DOI: https://doi.org/10.54809/jkss.vi8.304
گۆڤاری کوردستانیی بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیژیی
Copyright © Open access article with CC BY-NC-ND 4.0

# گرنگیی جیۆپۆلەتیکی تورکیا لە پاراستنی ئاسایشی وزەی یەکێتیی ئەورووپا

**ڕێکار حسن**
ماستەر لە زانستە سیاسییەکان
rekarhassan5@gmail.com

**پوختە:**
دەرخستنی گرنگی تورکیا بۆ یەکیتی ئەورووپا و چۆنییەتی مامەڵەکردنی تورکیا و یەکێتیی ئەورووپا لەگەڵ وزە لە نێوان خۆیانداپرسیاری سەرەکیی توێژینەوەیە و بە پشت بەستن بە ڕێبازی وەسفی، شیکاری هەوڵی تێگەیشتن دراوە لە ناوەڕۆکی رۆڵ و کاریگەری تورکیا لە دابینکردنی ئاسایشی وزەی یەکێتیی ئەورووپا ، کە جۆرێک لە تەواوکاری بەدی ئەکرێت لە سیاسەتی یەکێتیی ئەورووپا و تورکیا لە بواری وزە. تورکیا گرنگی و بایەخێکی ئەوتۆی بۆ یەکێتیی ئەورووپا هەیە لە دابینکردنی ئاسایشی وزە وەکو سەرچاوەی ئابووریی و لە قۆناغی دواتردا وەکو سەرچاوەی ئاسایش، ئەم بایەخەش لە گواستنەوەی چەندین هێڵ و بۆریی نەوتی بۆ یەکێتیی ئەورووپا و دراوسێیەتی چەندین دەوڵەتی دەوڵەمەندە بە نەوت و سەرچاوەی سرووشتیی خۆی ئەبینێتەوە.

**کلییلە وشەکان: یەکێتیی ئەورووپا، تورکیا، ئاسایشی وزە، سرچاەی ئاسایش**

Recieved: 5/7/2023
Accepted: 28/8/2023

E-ISSN: 2790525-X
P-ISSN: 27905268

## پێشەکیی

ئـەم توێژینەوەیـە دەرگایەکـە بـۆ تێگەیشـتن لـە کاروبـاری وزە و سـەرچاوە ئابوورییەکانـی ناوچەکـە و ململانێـی دەوڵەتـەکان لەسـەر ناوچـە و دەڤـەرە گرنگەکانـی رۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت، لـە پاڵ کۆڵینـەوە لـە رۆڵـی تورکیـا لـە دابینکردنـی وزە و زانینـی گرنگـی جیۆپۆلەتیکـی تورکیـا بـۆ ناوچەکـە بەگشـتی و یەکێتیـی ئەورووپـا بـە تایبەتـی. یەکێتیـی ئەورووپـا یەکێکـە لـە دامـەزراوە سیاسـی و ئابوورییـە گرنگەکانـی جیهـان، کە رۆڵێکـی بەرچـاوی هەیـە لـە سیاسـەتی جیهانیـدا، هەربۆیـە زۆر گرنگـە ئاگایـی و زانیاریـمان لەبارەی  سیاسـەت و یاسـا و رێکخراوەکانـی ئـەم یەکێتییـە و ژیانـی سیاسـی ئـەم یەکێتییە هەبێـت. بەتایبـەت بـۆ ئێمـەی رۆژهەڵاتـی زۆر گرنگـە دەربـارەی یەکێتیـی ئەورووپـا شـارەزابین، چونکـە ئـەم رێکخـراوە رۆڵـی گرنگـی لەسـەر ژیانـی سیاسـی و ئابـووری و کۆمەڵایەتـی و فەرهەنگـی جیهـان بەگشـتی و رۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت بەتایبەتـی هەیـە، کۆمـاری تورکیـاش وەك یەکێـك لـە وڵاتـە گـەورە و کاریگەرەکانـی رۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت و دراوسـێی ئەورووپـا هەمیشـە لـە پەیوەنـدی دابـووە لەگـەڵ یەکێتیـی ئەورووپـا و ئـەم پەیوەندییـە بەچەندیـن قۆناغـی جیـاوازدا تێپەڕیـوە و هەڵکشـان و داکشـانی بـە خـۆوە دیـوە، بـەڵام بەجۆرێـك زۆربـەی کات ئـەم دوو یەکـە نێودەوڵەتیـە هەمیشـە لـە کارلێکـدا بـوون لەگـەڵ یەکـتر، تورکیـا جێگایـی بایەخـە بـۆ ئەورووپـا و ناتوانـی دەسـتبەرداری ببێـت کـە لـەم توێژینەوەیـەدا و بـە باسـێك تیشـکی ئەخەینـە سـەر، هەروەهـا تورکیـاش نزیـك بوونـەوە و بـوون بەشـێك لـەو یەکێتییـە یەکێکـە لـە ئامانجەکانـی خـۆی لـە سیاسـەتی دەرەوەیـدا، ئەمـەش بـەو مانایـە دێـت کـە ئـەم دوو یەکـە نێودەوڵەتییـە پێویسـتیان بـە یەکـتر هەیـە سـەرباری تەنـگ و چەڵەمەکانـی نێوانیـان، تورکیـا لـە هەشـتاکانی سـەدەی رابـردووەوە هەوڵـی ئەندامێتـی ئـەدات لـەم یەکێتییـە ئەورووپاییـە لـە چوارچێـوەی پرۆسـەی بـە رۆژئاوایکردنـی تورکیـادا کـە لـە دوای دامەزراندنـی تورکیایـی هاوچەرخـەوە سـەریهەڵدا. گەیشـتنی تورکیـا بـە سـەرچاوەکانی وزە بـە هـۆی گرنگـی هەڵکەوتـە جواگرافیاکەیـەوە، بۆتـە کلیلـی سیاسـەتی وزە بۆیـە لـەو مەیدانـەدا تورکیـا توانایەکـی کاریگەری هەیـە بـۆ سـوود وەرگرتـن لـە گرنگـی جوگرافیایـی وڵاتەکـەی کـە گواسـتنەوەی نـەوت تێپەڕبوونـی بۆڕیەکانـی گاز بـە خاکـی تورکیـادا بایەخـی جیـۆ سیاسـی تورکیایـی بـەرز کردۆتـەوە، کـە تێپەڕبوونـی ئـەو بۆرییانـە وایکـردوە رۆژهـەڵات و رۆژئـاوا پێکـەوە ببەسـتێتەوە.

پرسـی وزە و ئاسایشـی وزە لـەم توێژینـەوەدا بابەتـی سـەرەکییە بـۆ شـیکردنەوەی پەیوەندییەکانـی نێـوان هەردوو لا, لـە هەنـگاوە زانسـتییەکانی پێشـوودا زیاتـر تیشـک خراوەتـە سـەر ئـەو فاکتەرانـەی کـە بەربەسـتن لـە بـەردەم پرۆسـەی بـە ئەندامبونـی تورکیـا لـە یەکێتیـی ئەورووپـا و زیاتـر بـەدەوری ئـەم پرسـەدا سـوڕاونەتەوە و، کەمـتر بـاس لـە فاکتـەری وزە کـراوە لـە نێـوان ئـەم دوو یەکـەدا.

### پرسیاری سەرەکیی توێژینەوە

تورکیا خاوەنی چ گرنگیەکە بۆ یەکیتی ئەورووپا؟

تورکیا و یەکێتیی ئەورووپا چۆن مامەڵە لەگەڵ وزە ئەکەن لە نێوان خۆیاندا؟

گریمانەی توێژینەوە

جۆرێک لە تەواوکاری بەدی ئەکرێت لە سیاسەتی یەکێتیی ئەورووپا و تورکیا لە بواری وزە.

پەیکەری توێژینەوە

ئـەم توێژینەوەیـە جگـە لـە پێشـەکی و دەرئەنجامێـك لـە دوو بەشـی سـەرەکیی پێکدێـت بەشـی یەکـەم کـە تایبەتـە بـە چوارچێوەیەکـی تیۆریـی و لـە میانـی سـێ باسـی سـەرەکییدا ئاماژە بـە ناسـاندنێکی مێژوویـی بـۆ یەکێتیـی ئەورووپـا کـراوە و هەروەهـا باسـی دووەم هەوڵێکـە بـۆ خسـتنەڕوی جیۆپۆلەتیکـی تورکیـا و لەهەمـان بەشـدا و لـە کۆتـا باسـدا تیشـك خراوەتـە سـەر وزە و ڕۆڵـی لـە پەیوەندییـە نێودەوڵەتیەکانـدا.

لـە بەشـی دووەمـی ئـەم توێژینـەوەدا و لـە میانـی دوو باسـدا سیاسـەتی وزەی هەریـەك لـە تورکیـا و یەکێتیـی ئەورووپـا خراوەتـەڕوو، لـە باسـی سـێیەمی ئـەم بەشـەدا ڕۆڵـی تورکیـا لـە دابینکردنـی ئاسایشـی وزەی یەکێتیـی ئەورووپـا باسـکراوە.

# بەشی یەکەم

## دەروازەیەك بۆ تێگەیشتن لە یەکێتیی ئەورووپا و وڵاتی تورکیا

### باسی یەکەم / کورتەیەك لە ناساندنی یەکێتیی ئەورووپا

پێـش قسـەکردن لەبـارەی درووسـت بوونـی یەکێتیـی ئەورووپـا وەك دامەزراوەیەکـی نێودەوڵەتـی پێویسـتە تیشـك بخەینـە سـەر بنیـادی یەکگرتنـی ئەورووپایـی.

لێکۆڵینـەوە لـە پێکهاتـەی یەکێتیـی ئەورووپـا و هەوڵەکانـی یەکخسـتنی پێویسـتی بەگەڕانـەوە هەیـە بـۆ مێـژوو، بەسـەرنجدان لـە سـەرچاوە مێژووییـەکان ئـەوە دەرئەکەوێـت کـە پـرۆژەی یەکبوونـی ئەورووپـا بـەر لـەوەی پرۆژەیەکـی سیاسـی بێـت و لـە بنیـادی دامـەزراوە و دامودەزگاکانـی دەوڵـەت وحکومـەت و دەسـتەبژێرە سیاسـی و کۆمەڵایەتـی و ئابوورییەکانـی دەوڵەتانـی ئەورووپـاوە بێـت، وەکـو پرۆژەیەکـی فکـری لـە بیـر و ئەندێشـەی زانـا وفەیلەسـوفەکانی ئەورووپـاوە دەسـتی پێکـرد قۆنـاغ دوای قۆنـاغ بـە تێگەیشـتن و پاڵنـەری فـرە و جیـاواز ئـەو بیرۆکەیـە بـەرەوە پێـش چـووە تـا لـە دوای جەنگـی دووەمـی جیهانـی چۆتـە بـواری پراکتیکـەوە شارسـتانیەتیی کۆنـی یۆنانـی و ڕۆمانـی و ئاینـی مەسـیحی و کلتوریـی کۆمەڵایەتـی هاوبەشـی ئەورووپاییـەکان ڕۆڵێکـی بەرچاویـان بینیـوە لـە درووسـتکردنی هەسـتی یەکبـوون لـەلای ئەورووپاییـەکان، بڵاوبوونـەوەی ئاینـی مەسـیحی لـە نێوگەلانـی ئەورووپـا ئـەو هەسـتەی بەهێزتـر کـرد و پیاوانـی ئاینـی مەسـیحی هەمیشـە جەختیـان لەسـەر ئـەوە ئەکـردەوە کـە جیهـان یەکـە و پێویسـتە لەلایـەن یـەك یاسـا و حکومەتـەوە بەڕێوەببردرێـت.١

لـە سـەر ئاسـتی هزریـش فەیلوسـەفاکانی قوتابخانـەی (الراقیـون) چەمکـی (Cosmopolite) بـەکار ئەهێنـا بـە مانـای هاوڵاتـی جیهانـی (مواطـن عالمي)، کـە گوزارشـتە لـەوەی خەڵکـی هەمـوو برایـی یەکن بـە بـێ ڕەچاوکردنی ئینتمایـان بـۆ شـار و گەلـی جیـاواز.٢

سـەرەتایی ئـەم یەکگرتنـە ئەگەرێتـەوە بۆسـاڵانی پـاش جەنگـی دووەمـی جیهانیـی و دامەزرانـدی یەکەمیـن کۆمەڵگـەی ئابووریـی ئەورووپایـی لـە نێـوان شـەش وڵاتـی ئەورووپـای ڕۆژئـاوادا هەریـەك لـە وڵاتانـی فەرەنسـا، ئەڵمانیـای ڕۆژئـاوا، ئیتالیـا، بەلجیـکا، هۆڵنـدا، لۆکسـمبورگ، لەسـاڵی ١٩٥١ دا پەیمانـی (پاریس)یـان واژۆ کـرد کـە تایبـەت بـوو بەتێکـەڵ کردنـی سـێکتەری خەڵـوز و پـۆڵای وڵاتەکانیـان لـە چوارچێـوەی دەسـەڵاتێکی هاوبەشـدا لەژێـر نـاوی (کۆمەڵگـەی خەڵـوز وپـۆڵای ئەورووپایـی).٣

---

١- هێمن میرانی، تورکیا و یەکێتی ئەوروپا، چاپخانەی منارە، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٩، ل٦٠-٦١.

٢- جواس حسن، طبیعة التحاد الاوروبي، دارالمعرفة، لبنان، بیروت، ٢٠١٠، ص٣١.

٣- زانا هەڵۆ کوردە، یەکێتی ئەوروپا، هەولێر، چاپی دووەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، ٢٠١٤، ل١٥.

لە هەنگاوێکی تری مێژووییدا ئەو شەش دەوڵەتەی کە لە پێشودا باسمان کرد بۆ بەدیهێنانی ئامانەجەکانیان بۆ یەکەمجار لە کۆنفرانسی (مەسینا) لەساڵی ١٩٥٥ بڕیاری دامەزراندنی کۆمیتەیەکی هاوبەشیان دا وە کۆمیتەکە لەلایەن سەرۆك وەزیرانی ئەوکاتی وڵاتی بەلجیکاوە(هنری سپاك) سەرۆکایەتی ئەکرا، کۆمیتەکەش ناونرا کۆمیەتی (سپاك).ئەم کۆمیتەیە لەئاداری ساڵی ١٩٥٦ بڕیاریدا کە وڵاتانی ئەندام لە کۆمیتەکە ئاڵوگۆڕی پیشەسازی و ئابووریی لەنێو خۆیاندا بە ئەنجام بگەیەنن لەسەر بنەمایەکی کاتی. سەرهەڵدانی قەیرانی کەنداوی سوێش و داواکاری جەزائیر بۆ بە دەستهێنانی سەربەخۆی لە ئیستیعماری فەرەنسا و داگیرکردنی هەنگاریا لەلایەن یەکێتیی سۆڤیەت هۆگار گەلێك بوون کە بەرۆکی کۆمیتەکەیان گرت بونە هۆکاری خاوبوونەوەی کارامەیی کۆمیتەکە.٤

هەمان وڵاتان لە ساڵی (١٩٥٧)دا لە ڕۆما (کۆمەڵگەی ئابووریی ئەوروپایی) و ئاژانسی (یۆراتۆم)یان دامەزراند کە دووەمیان تایبەت بوو بە هاوکاری لە بواری وزەی ئەتۆمیدا. پەیمانی پاریس و ڕۆما وکۆمیتەی سپاك وێستگەی بە سەرەتایی پرۆسەیەکی بەردەوامی لێکنزیك بوونەوە ویەکگرتنی ئابووریی لەچوارچێوەی کۆمەڵگەی ئەورپیدا ئەبینرێت، سەرەنجام لە ساڵی(١٩٩٢)دا بووە یەکگرتنێکی سیاسیش ناوەکەی گۆڕا بۆ (یەکێتیی ئەورووپا).

یەکێتیی ئەورووپا لە ئێستادا بریتیە : یەکگرتنێکی ئارەزوومەندانەی نێوان٢٨ وڵاتی ئەورووپایی لەچوارچێوەی سیستەمێکی فرە دامەزراوەیی فرە دەسەڵاتدا لە نێو دام و دەزگایی حکومی و هەروەها سەردەستەی سەربەخۆکار لە خۆدەگرێت.٥

## باسی دووەم / جیۆپۆلەتیکی تورکیا

بە درێژایی مێژوو کارەکتەرە نێودەوڵەتیەکان لە ژێر کاریگەری چەندین فاکتەر سیاسەتی دەرەوە و ناوەکی خۆیان ئاڕاستە و دیار ئەکەن، یەکێك لەو فاکتەرە گرنگانەی کە ئاڕاستەی سیاسەتی دەوڵەتان ئەکات و کاریگەری گەورەی بەسەرەوە بە جێ ئەهێڵێت بریتیە لە فاکتەری جیۆپۆلەتیك(پێگەی جوگرافی)، ئەم فاکتەرە خاڵی جیاکەرەوەی نێوان دەوڵەتە بەهێز و کەم تواناکانە، ئەم چەمکە و ڕادەیی گرنگیەکەی پێگەی دەوڵەت لە نێو هاوکێشە نێودەوڵەتی هەرێمایەتیەکان دیاریدەکات، زۆربەی کات دەوڵەتان بە لەبەر چاوگرتنی پێگە جوگرافییەکانیان بەرژەوەندییە نیشتمانییەکانیان لە سیاسەتی دەرەوە وێنا ئەکەن. ڕۆڵ و گرنگی ئەم فاکتەرە زیاتر لە قۆناغی جەنگ و داڕشتنی سیاسەتی وزەی دەوڵەتاندا دەرئەکەوێت و بە خاڵێکی یەکلا کەرەوە هەژمار ئەکرێت.٦

تورکیا بە فەرمی بە (کۆماری تورکیا) ناسراوە، دەوڵەتێکە بەشە گەورەکەی ئەکەوێتە باشووری خۆرئاوای ئاسیا، بەشە بچوکەکەی تری ئەکەوێتە خۆرهەڵاتی ئەورووپا، گەرووی بۆسفۆر و دەردەنیل و دەریایی مەڕمەڕە، کە دەریای ڕەش بە دەریا ئیجەوە ئەبەستێتەوە و، ئاسیا بە ئەورووپاوە گرێ ئەدات، ئەمەش پێگەو هەڵکەوتەیەکی جیۆستراتیژی لە ناوچەکەدا پێبەخشیوە، بەتایبەت وڵاتانی دەوروبەری دەریایی ڕەش(جۆرجیا، رووسیا، بولگاریا، ڕۆمانیا) لە خۆرهەڵاتەوە لەگەڵ هەریەك لە ئێران و وڵاتانی قەوقاز

٤- یاپراك گورسۆی، چوارچێوەی مێژووی یەکێتی ئەوروپا، گۆڤاری زانستی زانکۆی ئیستەنبوڵ، ٢٠١٣، ژمارە١، ل٢١.

٥- زانا هەڵۆ کوردە، یەکێتی ئەوروپا، سەرچاوەی پێشوو، ل١٥.

٦- ئاتیلا ساندکلی، پێگەی ستراتیژی و جیۆپۆلەتیکی تورکیا، سەنتەری توێژینەوەی و ستراتیژی پیاوانی ژیر، ڕاپۆرتی ژمارە ٢٧، ساڵی ٢٠١١، ل٣.

(جۆرجیا، ئەرمەنستان، ئازاربیجان) هاوسنورە، لە باشوورەوە لەگەڵ عێراق و سوریا و دەریای سپی ناوەڕاست هاوسنورە، لەگەڵ قوبرس، دەریایی ئیجە و یۆنان و بولگاریا لە خۆرئاواوە و دەریای رەشیش لە باکوور سنوری دەریای هەیە، ئەندامی رێکخراوی هاریکاری ئابووریی دەریایی رەشە، پایتەختەکەی ئەنقەرەیە و گورەترین شاری ئیستەنبولە زمانە فەرمیەکەی تورکییە و دراوی لیرەی تورکیە و بە گوێرەی سەرژمێری ساڵی ٢٠٠٩ (٧٢٥١٦٣١٢)کەسە.٧

بە تێرامانێک لە سیاسەتی وزەی تورکیا بە شێوەیەکی ئاشکرا بۆمان روون ئەبێتەوە ئەو وڵاتە بە پشت بەستن بە پێگە جوگرافیاکەی لە داهاتودا ببێتە پردێک بۆ گواستنەوەی سەرچاوەی وزەی ناوچەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئاسایی ناوەڕاست و بەلقان بۆ وڵاتانی ئەورووپا. لە پاڵ ئەم تایبەتمەندییە جوگرافییە تورکیا لە رووی سۆسیۆی کلتورییەوە گرنگیەکی ئێجگار گەورەی هەیە لە ناوچەکەدا، ئەویش بریتیە لە تێکەڵ کردن و ئاوێتەکردنی هەردوو شارستانێتی ئیسلامی و رۆژئاوایی، ئەگەرچی هەندێك لەزانا جیۆپۆلەتیك ناسەکان ئەم تایبەمتمەندییەی تورکیا بە خاڵێکی لاواز هەژمار دەکەن، چونکە پێیان وایە ئەو کێشانەی کە لەسەردەمی ئەمڕۆدا بەرۆکی تورکیایی مۆدێرنی گرتوە لەم تایبەتمەندییەوە سەرچاوەی گرتوە.٨

## باسی سێیەم/ وزە و رۆڵی لە پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان

لە رۆژگاری ئەمڕۆماندا پرسی دەستەبەرکردنی ئاسایشی وزە یەکێکە لە بابەتە هەرە گرنگەکانی بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، چونکە ئەگەر دەوڵەتێك وابەستەی دەرەوە بێت لە دابینکردنی سەرچاوەکانی وزە ئەم دۆخە توانایی دەوڵەت بەرتەسک ئەکاتەوە لە جوڵە کردن و رەفتارکردنی لەگەڵ یەکەکانی تر لە ژینگەی دەرەوەدا بە تایبەت لە بەرامبەر ئەو وڵاتەی کە وابەستەی بووە لە دەستەبەرکردنی سەرچاوەکانی وزە. واتا بە پێوەری سەربەخۆی ئابووریی و چۆنیەتی یارمەتیدانی ئەم فاکتەرە بۆئەوەی دەوڵەت تەواو پشت ئەستور بێت بەوەی کە پشت ببەستێت بە خودی خۆی لە پرسی گەرەنتی کردنی پێداویستیە سەرەکییەکانی دانیشتوانەکەی، چونکە دەوڵەتی دەوڵەمەند و خاوەن سەروەت و سامان پێویستی بە یارمەتی دەرەکی نیە و دواجار ئامادە نیە ملکەچی بڕیار و مەرجەکانی هێزە سیاسیەکانی تر بێت، کە پەیوەندی هەیە بە یارمەتیدانی ئابووریی، بە مشێوەیە دەوڵەت ئازاد ئەبێت لە هەڵوێست و بڕیار وەرگرتنی لەئاست پرسە سیاسیی و ئابوورییە نێودەوڵەتەکانیدا.٩

ئاسایشی وزە یەکێکە لە زانستە ئابوورییە سیاسیە ئاڵۆزەکان، کە لەسەدەی بیستدا گرنگی زیاتری پێدرا. ناساندن و تێگەیشتن بۆ ئاسایشی وزە لەسەر ئاستی ناوخۆ و نێودەوڵەتی جیاوازە، چونکە پست نابەستێت بە یەك دامەزراوەی سیاسی یان ئابووریی، بەڵکو کارکردن لەناو ئەو پلانە ستراتیجیەکانی بەهێزکردنی ئاسایشی وزەی هەر وڵاتێدا پشت ئەبەستێت بە توانایی چەندین دامەزدەزگای فەرمی و نافەرمی سیاسی و ئابووریی و تەکنیکی. ئەوەی تێبینی ئەکرێت ئاسایشی وزە تەنها پەیوەندار نیە بەو وڵاتانەی رێژەیەکی زۆری نەوت و گاز و خەڵوزیان تیادا کۆبۆتەوە، بەڵکو پەیوەنداریشە بەو وڵاتانەش کە هیچ سەرچاوەیەکی

٧- پەیرەو ئەنوەر تورکیا هێزێکی ماندوو، چاپی یەکەم، ٢٠١٨،چاپخانەی رۆکسانا، لا١١.

٨- ئەتیلاساندکلی، جیۆپۆلەتیکی تورکیا، سەنتەری توێژینەوەی و ستراتیژی پیاوانی ژیر، راپۆرتی ژمارە ١٣، ساڵی ٢٠١٤، لا٧.

٩- د.شمال حسین، پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان(چەمك و بنەماکان. مێژوو و قۆناغەکان. تیز وتیۆرەکان)، نوسینگەی تەفسیر بۆچاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر،٢٠١٧، لا٧٧.

سرووشـتیی وزەیـان تیادانیـە یاخـود زۆر کەمـە، واتـا ئاسایشـی وزە تەنهـا لای ئـەو دەوڵەتانـەوە گرنگی پـێ نادرێت کـە بەرهەمهێـن و هەنـاردەکاری نـەوت و گاز و وزەن بەڵکـو جێـگای بایەخـی ئـەو دەوڵەتانەشـە کـە هـاوردەکار و کڕیـاری وزەن و خاوەنـی پلانـی سـتراتیجی تایبـەت بـە خۆیانـن بـۆ بەهێـز کردنـی وزەی وڵاتەکانیـان.١٠

# بەشی دووەم

## باسی یەکەم / سیاسەتی وزەی تورکیا

خەونـی زیندووکردنـەوەی ئیمپراتۆریەتـی عوسـمانی باڵـی بەسـەر سیاسـەت و تێڕوانینەکانـی سـەرۆکی تورکیـا «رەجـەب تەیـب ئـەردۆگان»دا کێشـاوە، سـەرباری ئەوەشـی لـە قۆناغەکانـی پێشـتری هەڵکشـانی سیاسـیی خۆیـدا رەتیدکردۆتـەوە دووبـارە دەوڵەتـی عوسـمانی دابمەزرێنێتـەوە، بـەڵام لـە راسـتیدا گوزارشـتی هەندێـک لـە گوتـارە دەمارگیـرە توندەکانـی ئـەم دواییانـەی و سیاسـەتە دوژمنکارانەکانـی بەرامبـەر ئۆپۆزسـیۆن و دەوڵەتانی دراوسـێ و هێـزە نێودەوڵەتییـەکان پـەردە لەسـەر مەیلـی زۆری ئـەردۆگان بـۆ بـوون بـە سـوڵتانە نوێیەکـە هەڵئەماڵێـت، ئـەوەش بـە پرۆسـەکانی هەڵوەشـاندنەوە و داڕشـتنەوەی ناسـنامەی تورکـی و دەرکەوتنـی سـیماکانی میراتـی عوسـمانی و سیاسـەتەکانی هەژمونخـوازی و فراوانخـوازی هەرێمایەتـی بـۆ گێڕانـەوەی سـەردەمی کۆڵۆنیالیزمـی عوسـمانی لـە ناوچـەی خۆرهەڵاتـی ناوەڕاسـت دەرئەکەوێـت.١١

سیاسـەتی وزەش لـەم چوارچێوەیـدا خـۆی ئەبینێتـەوە و بەشـێکە لـە ئامانجـە باڵاکانـی تورکیـا بـۆ دابینکردنـی جوگرافیایەکـی زیاتـر لـە پێنـاو دابینکردنـی وزە بـۆ وڵاتەکـەی.١٢

ئـەو سیاسـەتەی کـە ئێسـتا تورکیـا لـە بـواری وزەدا پەیـڕەوی ئـەکات ئامرازێکـە بـۆ بەدیهێنانـی خەونێکـی لـە مێژینەیـی و بەگەڕخسـتنی تواناکانـی بـۆ چوونـە نـاو یەکێتیـی ئەورووپـا لـە رێـگای گرنگتریـن رێـڕەوی غـاز لـە جیهانـدا کـە نزیکـەی دوو لەسـەر سـێی ئـەو رێـڕەوە بەسـەر خاکـی تورکیـادا تێئەپەڕێـت، لەگـەڵ گەیشـتنی تورکیا بـەو ئامانجـەی کـە هەیەتـی. تورکیـا هـەوڵ ئـەدات لـە رێگـەی بونیاندانـی کۆمەڵێـك بـۆڕی گوێـزەرەوەی نـەوت و گازی سرووشـتیی ناوچەکانـی رۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت، ئاسـیای ناوەڕاسـت و قەوقـاز هـەم خـۆی هـەم وڵاتانـی یەکێتیـی ئەورووپـا لـە ژێـر وابەسـتەی رووسـیا رزگار بـکات، چونکـە ناوچەکانـی ناوبـراو خاوەندارییەتـی رێژیەکـی ئێجـگار بەرفـراوان لەیەدەگـی نـەوت و گازی سرووشـتیی ئـەکات نزیکـەی( ٣.٤٥) ملیـار مەتـر سێجا گازی سرووشـتیی و (١.٧) ملیـار بەرمیـل نـەوت. ئەمـەش دەرفەتێـک ئەخاتـە بـەردەم تورکیـا بـۆ گواسـنەوەی ئـەم رێـژە بەرفراوانـە لـە نـەوت و گاز بـۆ وڵاتانـی ئەورووپـا.١٣

بـە هەمـان شـێوە ئـاو وەك بەشـێك لـە وزە پانتاییەکـی گـەورە لـە سیاسـەتی وزەی تورکیـا پێـك دەهێنـێ بـۆ ئـەم مەبەسـتە چەندیـن پـرۆژەی گـەورەی هەیـە لـە بـواری گلدانـەوەی ئـاو وەك بەشـێك لـە دابینکردنـی وزە بـۆ وڵاتەکـەی، بەنـداوی ئەلیسـۆ لـە باشـووری خۆرهەڵاتـی تورکیـا لـە سـەر رووبـاری دیجلـە درووسـت بـووە و ئامانـج لێـی بایـی دوو ملیـار دۆلار بەرهەمهێنانـی کارەبایـە. ئەلیسـۆ نۆزدەهەمیـن بەنـداوە کـە تورکیـا لـە سـەر رووبارەکانـی دیجلـەو فـورات درووسـتی کـردووە. ئـەو کۆمەڵـە بەنـداوە بەشـێک لـە پێشـنئیازی پەرەپێدانـی خۆرهەڵاتـی ئەناتۆلـی، ناوبـراو بـە «گاپ»ن، بـە ئامانجـی گەشەسـەندنی دەرفەتەکانـی ئابووریـی لـە ناوچەکـە و

١٠- شـاڵاو عبدلخالـق محمـد، دیبلۆماسـیەتی خوینـی ڕەش، کتێـب، لـە بڵاوکراوەکانـی زانکـۆی لوبنانـی- فەرەنسـی، چاپخانـەی تەفسـیر بـۆ بڵاوکردنـەوە و ڕاگەیانـدن، هەولێـر، ٢٠١٧، لا٧٦.

Murat Ercan, Avrupa birli⊠i⊠inin enerji politikasında Türkiyenin önemi, akademik bakış dergisi, sayı: 25, Temmuz 2011, S. 7 -11

١٢- دەرون ڕەحیـم، سیاسـەتی وزەی یەکێتـی ئەوروپـا و یەکگرتـن یاخـود دابەشـبوون، ناوەدنـی کوردسـتان بـۆ توێژینـەوە لـە ململانـێ و قەیرانـەکان، ٢٠١٧/٥/١٠ نـوسراوە، بـەرواری سـەردانیکردن، ٢٠١٩/١١/٩، http://www.kurdistanc.com/.

١٣- محمد الشعلان، صراع الطاقه الجیوسیاسی، تاریخ الزیارة ٢٠١٩/١١/١.، https://:٢٢arabi.com/.

دابینکردنــی وزەی کارەبـا ئەبێـت.١٤
هەروەهـا تورکیـا یەکێکـە لـەو ئەکتـەرە گرنـگ و سیاسـیانەی لـە هەمـوو ئەکتەرەکانـی تـر زیاتـر دەسـت بـۆ ئـاو و بەسیاسـەتکردنی ئـاو ئەبـات، ئـاو وەك کەرەسـتەیەکی ئیکـۆ سیاسـی دەتوانێـت قوڵایـی سـتراتیژی بـۆ تورکیـا فراوانـتر و قوڵـتر بـکات.١٥
فرەچەشـن کردنـی سـەرچاوەکانی وزە و ڕێڕەوەکانـی گواسـتنەوەی وزە دوو بنەمـای سـەرەکیین لە دەسـتەبەرکردنی ئاسایشـی وزە. شـایەنی باسـە لـە ٪٦٠ ی کـۆی یەدەگـی نـەوت و گازی سرووشـتیی جیهـان لـەو وڵاتانـەن کـە لـە رووی جوگرافیاییـەوە نزیکـن لـە تورکیـا، ئەمـەش یارمەتیدەرێکـی باشـە بـۆ ئـەوەی لـە داهاتـوودا ئـەو وڵاتـە ببێتـە ناوەندێـک لـە نێـوان وڵاتانـی بەرهەمهێنـەری نـەوت و گازی سرووشـتیی بـۆ وڵاتانـی بەکاربـەری سـەرچاوەکانی وزە بەتایبەتـی وڵاتانـی یەکێتیـی ئەورووپـا.١٦

## باسی دووەم / سیاسەتی وزەی یەکێتیی ئەورووپا

گرنگیدانـی کۆمەڵـەی ئەورووپایـی بـە بابەتـی وزە ئەگەڕێتـەوە بـۆ پەیماننامـەی کۆمەڵـەی ئەورووپایـی (للفحـم و الصليـب ١٩٥١) و کۆمەڵـەی ئەورووپایـی بـۆ وزە ١٩٥٧، هەمـوو ئەمانـە بەشـێك بـوون لـە پرۆسـەی پێشـنیارکردنی دانانـی سیاسـەتێکی هاوبەشـی وزەی یەکێتیـی ئەورووپـا بـە مەبەسـتی کەمکردنـەوەی بەکاربـردن و تێچووەکانـی بەکارهێنانـی وزە بەتایبـەت لـە بـواری نـەوت دەرهێنـان و لێـك جیاکردنـەوەی سـەرجەم بەرهەمـە نەوتییەکانـی تـر و کەمکردنـەوەی تێچـووی جیاکردنەوەیـان، بـە ڕێگایەکـی هاوبـەش.١٧
سـەرەڕای ئـەوەی وزە لایەنێکـی گرنگـی بـازاڕی ناوخـۆی ئەورووپایـی پێکهینـاوە، بـەڵام یەکێتـی ئەورووپـا تـا سـاڵانی رابـردوو سـتراتیژێکی تایبـەت بـە وزەی نەبـوو، بەڵکـو لـە چوارچێـوەی بـازاڕی ناوخـۆدا مامەڵـەی لەگـەڵ ئەکـرا، بـەڵام دواتـر پرسـی وزە لـە یەکێتیـی ئەورووپـا گۆڕانـی بەسـەردا هـات و وزە بـوو بـە پرسـێکی گرنـگ لـە ئەجێنـدای یەکێتیـی ئەورووپـا، خاڵـی سـەرەتای ئـەم پرۆسـەیە بریتـی بـوو لـە کۆبوونەوەیەکـی نافەرمـی سـەرانی وڵاتانـی ئەندامـی یەکێتیـی ئەورووپـا. سـاڵی ٢٠٠٥ کـە تێیـدا بیرۆکـەی سیاسـەتی وزەی یەکێتیـی ئەورووپـا تاوتـوێ کـرا و هـەر لەپـاش ئـەو کۆبوونەوەیـە کۆمسـیۆنی ئەورووپـا راسـپێردرا بـۆ نوسـینی رەشنوسـی وزەی ئەورووپایـی لـە سـاڵی ٢٠٠٦ کۆمسـیۆنی ئەورووپایـی ئـەو رەشنووسـەی ئاڕاسـتەی هەرەیـەك لـە پەرلەمانـی ئەورووپـا و ئەنجومەنـی وەزیرانـی یەکێتیـی ئەورووپـا و کۆمیەتـی هەرێمـەکان و کۆمیەتـی ئابووریـی و کۆمەڵایەتـی یەکێتیـی ئەورووپـا کـرد. کـە تێیـدا ئامانجـە سـتراتیژییەکانی وزەی بـەم جـۆرە دەستنیشـانکرد بـۆ سـاڵانی (٢٠٢٠، ٢٠٥٠)؛

١. پشت بەستنی کەمتر بە نەوت.
٢. کاراکردنی دبلۆماسیی و وزەی یەکێتیی ئەورووپا.
٣. هاندانی تەکنەلۆژیا و وزەی نوێگەریی.
٤ پتەوکردنی ژێرخانی وزەی ئەورووپایی.
٥. فراوانکردنی سەرچاوە و هێڵەکانی هاوردەکردنی وزە.١٨

---

.Erdaş Taner Karagöz ve di[illegible]erleri, Türkiyenin Enerjide merkez ülke olma arayışları, SETA yayınları, birinci baskı, 2016, S.13 -14
١٥- پەیڕەو ئەنوەر، تورکیا هێزێکی ماندوو، سەرچاوەی پێشوو، لا١٠٠.
١٦- https://www.mfa.gov.tr/turkiye_nin-enerji-stratejisi.tr.mfa ڕێکەوتی سەردان ٢٠٢٣/٨/٥.
١٧- جواس حسن، سەرچاوەی پێسوو، لا١٠٤.
١٨ https://energy.ec.europa.eu/index_en ڕێکـەوتی سـەردانیکردن ٢٠٢٣/٨/٥.

سەبارەت بە سیاسەتی وزەی ئەورووپا کە لە ماوەی چەند ساڵی رابردوودا وەک ئامرازێکی سیاسەتی دەرەوەی ئەورووپا مامەڵەی لەگەڵ کراوە و، پاراستنی ئاسایشی وزەی ئەورووپا لە ئەولەویەتی سیاسەتی ئاسایشی یەکێتیی ئەورووپا بووە. چونکە یەکێتیی ئەروپا وەک دووەمین گەورەترین ئابووریی جیهان پێویستی بە دەستڕاگەیشتن بە سەرچاوەیەکی بەردەوامی بێ کێشەی هەرزانی وزە هەیە، بە نرخێکی گونجاو بۆ ئەوەی بە بەردەوامی بزوێنەری داینەمۆی پیشەسازی و جوڵەی ئابووریی بێت. بێ ئەوەی هیچ کام لە دابینکەرانی وزەی ئەورووپا لە رێگەی وزەوە فشار بۆ سەر یەکێتیی ئەورووپا درووست بکەن.

لەپێناو بەهێز کردنی ئاسایشی وزەی ئەورووپا، یەکێتییەکە دوو ستراتیجی سەرەکیی گرتەبەر، کە ئەوانیش یەکەم جۆراوجۆرکردنی سەرچاوەکانی دابین کردنی وزەیە، بۆ ئەوەی تەنها پشت بە یەک سەرچاوە و یەک وڵات نەبەستن. دووەم ستراتیجی درووست کردنی یەکێتییەکی وزە، کە وڵاتانی ئەندام پێکەوە خەمی دابین کردنی وزە بۆ بازاڕەکانی ٢٨ ئەندامی یەکێتییەکە بخۆن. بڕیاری دابین کردنی وزە و فەراهەم کردنی ژێرخانی گواستنەوەی وزە بکرێتە بابەتی سیاسەتێکی ناوەندی لە بڕۆکسلەوە بڕیاری لێبدرێت. سیاسەتێکی وزەی هاوبەش و جۆراو جۆرکردنی سەرچاوەکانی وزە دوو سەرەکیترین ستراتیجی ئەورووپاییەکان بووە لە ماوەی دوو دەیەی رابردوودا.١٩

بەڵام بە شیکردنەوەی سیاسەتی نیشتیمانی هەریەک لە وڵاتانی ئەندام، وا دەرئەکەوێت یەکێتیی ئەورووپا لە بواری سیاسەتی وزەدا هێندەی بواری هەماهەنگی بازرگانی و ئابووریی سەرکەوتوو نەبووە. یەکێتیی ئەورووپا تایبەت بە وزە و ئاسایشی وزە دابەشبوونێکی ئاشکرای پێوە دیارە. بە تایبەتی ئاسایش و سیاسەتی وزە یەکێتیی ئەورووپا دابەش بووە بۆ دوو بلۆکی جیاواز، ، بلۆکی یەکەم لەو وڵاتانی رۆژهەڵات و باشووری رۆژهەڵاتی یەکێتیی ئەورووپا پێک هاتووە، کە بەئەندامە نوێیەکانی یەکێتیی ئەورووپا ناسراون، پێش کۆتایی هاتنی جەنگی سارد خاوەنی سیستیمی کۆمۆنیستی بوون. لەبەرامبەر ئەماندا بلۆکی دووەم، لە وڵاتانی دامەزرێنەری یەکێتییەکەن، خاوەنی بەهێزترین ئابوورییەکانی ناو ئەورووپان.

بلۆکی یەکەم کە وڵاتانی وەک پۆڵەندا، چیک، سلۆڤینیا، سلۆڤاکیا، رۆمانیا، و بولگاریان تا رادەی نغرۆ بوون لە گازی سرووشتی رووسیا پشتیان بە وزەی هاوردەکراو لە رووسیای بەستووە، هەندێکیان ١٠٠٪ ئەو وزەیەی بەکاری ئەهێنن لە رووسیاوە هاوردەی ئەکەن. ئەم بلۆکە زۆر بە بەهێزی پشتیوانیی جۆراوجۆرکردنی سەرچاوەکانی وزە ئەکەن و سوورن لەسەر ئەوەی ئەبێت جێگرەوە بۆ سەرچاوەی وزەی رووسیی بدۆزرێتەوە، هەروەها فشار ئەکەن لە پێناوی سیاسەتی هاوبەشی وزەی یەکێتیی ئەورووپا. وڵاتەکانی رۆژهەڵاتی یەکێتیی ئەورووپا روسەکان بە سەرچاوەی هەڕەشەیەکی ستراتیجی ئەزانن لەسەر ئاسایشی خۆیان، پێیان وایە لەماوەی رابردودا رووسەکان وزەیان وەک چەکێک بەکارهێناوە بۆ فشار خستنە سەر ئەو وڵاتانە و دەست خستنە ناو کاروباری ناوخۆییانەوە.

بە پێچەوانەوە، بلۆکی دووەم کە وڵاتانی رۆژئاوای ئەورووپان وەک ئەڵمانیا و فەرەنسا و ئیتالیا، خاوەن هێز و ئابووریی گەورەن. لە بنەڕەتدا ئەم وڵاتانە سەرچاوەی جۆراوجۆری دابینکردنی وزەیان هەیە جگە لە رووسیا، وزە لە نەرویج، جەزائیر، کەنداو و ئەمەریکاوە هاوردە ئەکەن، هەروەها لە جۆرایەتی سەرچاوەکانی وزەشدا خۆیان لە رێگەی ئەتۆم و وەزی با و سۆلارەوە پێداویستی خۆیان پڕئەکەنەوە. بۆیە بە رێژەیەکی کەمتر ئەو هەستیاریەیان بەرامبەر روسەکان هەیە و کەمتر بە هەڕەشەی ئەزانن. بە پێداگریەکی کەمترەوە

١٩- https://energy.ec.europa.eu/topics/infrastructure/trans-european-networks-energy_en رێکەوتی سەردانکردن ٢٠٢٣/٨/٥.

بـەرەو پیـری سـتراتیجەکانی بەهێزکردنـی ئاسایشـی وزەی ئەورووپـا ئەچـن. تـەواو پێچەوانـەی بلۆکـی یەکـەم، وڵاتانـی رۆژئـاوای ئەورووپـا پاراسـتنی پەیوەنـدی تونـد لەگـەڵ رووسـیادا بـە پێویسـت ئەزانـن بـۆ ئـەوەی بـازاڕی وزەی ئەورووپـا توشـی بچـڕان و زیانـی ئابووریـی گـەورە نەبێـت، لـە کاتێکـدا هیچ کام لـە سـەرچاوە جێگرەوەکانی رووسـیا لـە قەوقـاز و ناوەڕاسـتی ئاسـیا و رۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت توانـای ئەوەیـان نییـە ببنـە ئەڵتەرناتیڤـی وزەی رووسـیا.٢٠

## باسی سێیەم / رۆڵی تورکیا لە پاراستنی ئاسایشی وزەی یەکێتیی ئەورووپا

تـۆڕی جاڵجاڵۆکـەی وزەی تورکیـا بـە شـێوازێک لـە بـاڵای بەرژەوەندییەکانـی وڵاتانـی یەکێتیـی ئەورووپـا ئاڵـۆزکاوە ئـەو یەکێتییـە، نـە ئەتوانێـت پلـەی ئەندامێتـی بـە تورکیـا ببەخشـێت، نـە ئەشـتوانێ هەڵوێسـتێکی تونـد بەرامبـەر بـەو مامەڵـە ناتەندرووسـتانەی کـە حکوومەتـی تورکیـا لـە رووی مـاف و ئازادییـە گشـتی و سیاسـییەکانەوە دژی لایەنـە ئۆپۆزیسـیۆن و پێکهاتەکانـی نـاو تورکیـا ئەنجامـی ئـەدات، وەربگرێـت. بـە واتایەکـی تـر، یەکێتیـی ئەورووپـا لـە دووریانـی بەرژەوەندیـی وزە و سەرکێشـییەکانی تورکیـادا بـە شـێوازێک دەستەوەسـتان ماوەتـەوە، کـە نەتوانێـت بەتەواوەتـی بڕیـاری دوورخسـتنەوەی تورکیـا لـەو یەکێتییـە بـدات.٢١

پێگـەی جوگرافیـای ئابـووری و سیاسـی (جیۆئیکۆنۆمـی، جیۆسیاسـی)ی تورکیـا وای کـردووە، ببێـت بـە پردێك بـۆ گەیاندنـی وزەی رۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت و ناوچەکانـی نزیـك دەریایـی قەزویـن، بـە وڵاتانـی یەکێتیـی ئەورووپـا. بـۆ ئـەوەی بـە شـێوەیەکی دیاریکـراو لـە گرنگیـی پێگـەی تورکیـا لـە رووی وزەوە بـۆ یەکێتیـی ئەورووپـا تـێ بگەیـن، وا باشـترە سـەرچاوە سرووشـتییەکانی نـەوت و گاز وەک نموونـە وەربگریـن لەناو سـامانە سرووشـتییەکانی تـری وەک وزەی ئەتۆمیـی، خەڵـوز، کارەبـا و... تـا بزانیـن ئاسـتی پەیوەندییداربوونـی بەرژەوەندییەکانـی یەکێتیـی ئەورووپـا بـە تورکیـاوە لـە رووی وزەوە، چەنـدە بـەرزە. بـۆ تێگەیشـتن لـەو گرنگییەیـش دەتوانیـن لە دوو گۆشـەوە وابەسـتەیی یەکێتیـی ئەورووپـا بـە تورکیـاوە دیـاری بکەیـن:

گۆشەی یەکەم: گۆشەی رێڕەو و هێڵەکانی گواستنەوەی وزە

تورکیـا بووەتـە رێـڕەوی گەورەتریـن تـۆڕی گواسـتنەوەی نـەوت و گاز لـە نێـوان یەکێتیـی ئەورووپـا و وڵاتانـی دەوڵەمەنـد بـە نـەوت و گاز. بـۆ نموونـە هەڵکەوتـەی شـوێنی جوگرافیایـی تورکیـا وای کـردووە کـە تۆڕێکـی فراوانـی بۆرییـی نـەوت و گازی وڵاتانـی نزیـك دەریـای قەزویـن و ناوچەکانـی ئەنـادۆڵ و رۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت بـە خاکەکەیـدا تێپـەڕ بێـت و وزەی پێویسـت ئاڕاسـتەی وڵاتانـی یەکێتیـی ئەورووپـا بکـرێ.

دیارترین هێڵ و بۆرییەکانی گواستنەوەش کە یەکێتیی ئەورووپای ناچاری تورکیا کردووە، بریتین لە:

یەکـەم/ هێڵـی بۆرییـی گازی تانـاپ (گواسـتنەوەی گازی سرووشـتیی لـە ناوچەکانـی ئازربایجـان لـە رێگـەی جۆرجیا و تورکیـاوە بـۆ وڵاتانـی یەکێتیـی ئەورووپا).

دووەم/ هێڵـی بۆرییـی نەوتـی کەرکـووك- کوردسـتان جیهـان (گەیاندنـی وزەی نەوتـی کەرکـووك و کوردسـتان بـۆ بەنـدەری جیهـان و، لـە وێیشـەوە بـۆ بـازاڕە جیاوازەکانـی جیهـان و ئەورووپـا).

---

٢٠- دەرون ڕەحیم، سیاسەتی وزەی یەکێتی ئەوروپا و یەکگرتن یاخود دابەشبوون، سەرچاوەی پێشوو.

٢١- شـاڵاو عبدلخالـق محمـد، یەکێتـی ئەوروپـا و تـۆڕی جاڵجاڵۆکـەی وزەی تورکیـا، سـایتی پێنـوس، مێـژووی سـەردانیکردن ٢٠١٩/١١/٩، http://.penus.krd/index

سێیەم/ هێڵـی بۆڕییـی نەوتـی سامسـونگ – جیهـان (گواسـتنەوەی نەوتـی رووسـی بـە دەریـای ڕەشـدا بـۆ بـازاڕی وڵاتانــی ئەورووپا).

چـوارەم/ هێڵــی بۆڕییــی نەوتــی باکۆ-تبلیس-جیهــان (گواســتنەوەی نەوتــی ناوچەکانــی نزیــک چیــای قەوقــاز «ئازەربایجــان و جۆرجیــا، بــۆ تورکیــا و بازاڕەکانــی ئەورووپــا).

پێنجەم/ تێرنیك لاین ٩ (گواستنەوەی گاز لە کێڵگەکانی باشووری ئێرانەوە بۆ بازاڕەکانی ئەورووپا).

شەشـەم/ هێڵـی بۆڕییـی گازی تەورێز-ئانـکارا ( گواسـتنەوەی گازی ئێرانـی بـۆ تورکیـا و، بەشـێک لـەو گازەیـش بـە وڵاتانـی ئەورووپایـی ئەفرۆشرێت).٢٢

لـە هەمـان کاتیشـدا جگـە لـەم هێڵـی گواسـتنەوە و بۆڕییـە سـەرەکییانە چەندیـن پـرۆژەی تـر لـە ئـارادان کـە تورکیـا لەسـەر ئاسـتێکی بـاڵا کاریـان لەسـەر دەکات، بـۆ نمونـە:

١- پرۆژەی هێڵی بۆڕییی سیل (بۆڕییی گازی ڕووسیا- تورکیا).

٢- پرۆژەی هێڵی بۆڕییی گازی قەتەر- تورکیا.

٣- پرۆژەی نابۆکۆ

٤- پرۆژەی بلو ستریمی نوێ.

(پرۆژەکانیــش بــە هەمــان شــێوە لــە ئاییندەدا گازی ناوچەکانــی دەریــای قەوقــاز، رووســیا، قەتــەر بــۆ تورکیــا و بەشــی هــەرە زۆریشــی بــۆ وڵاتانــی یەکێتیــی ئەورووپــا).

گۆشەی دووەم: گۆشەی دراوسێی دەوڵەمەند و کۆگە و بەندەرەکانی بە بازاڕکردنی وزە.

تورکیـا تەنیـا ڕێـڕەوی گواسـتنەوەی وزە نییـە بـۆ یەکێتیـی ئەورووپا، بەڵکـوو دراوسـێی کۆمەڵێک وڵاتـی دەوڵەمەندە بـە نـەوت و گاز. کـە لـەم ڕێگەیەیشـەوە تورکیـا لـە توانایدایـە، لـە یـەك کاتـدا کاریگـەری بکاتـە سـەر سیاسـەتی وزەی ئـەو وڵاتانـە، هەروەهـا لـە ڕێگـەی کۆمپانیـا تورکییەکانـەوە وەبەرهێنـان بـکات. بـە واتایەکـی تـر، کۆنتڕۆڵـی بەرژەوەندیـی وزەی ئــەو وڵاتانــە بــکات. دیارتریــن دراوســێ دەوڵەمەندەکانــی تورکیــا، کــە خاوەنــی یەدەگــی سـەلمێنراوی گـەورەی نـەوت و گازن و کاریگەرییەکـی گەورەیـان لەسـەر بـازاڕی وزەی ئەورووپـا هەیـە، بریتیـن لـە:

رووسیا: ٨٠ بۆ ١٠٢ ملیار بەرمیل نەوتی خاو، ١٦٨٨ تریلێۆن کیوبیك فیت گازی سرووشتیی.

ئێران: ١٥٨ ملیار بەرمیل نەوتی خاو،١٢٠١ تریلێۆن کیوبیك فیت گازی سرووشتیی.

عێراق: ١٤٤ ملیار بەرمیل نەوتی خاو، ١١٢تریلێۆن کیوبیك فیت گازی سرووشتیی.

ئازربایجان: ٧ ملیار بەرمیل نەوتی، ٣٥ تریلێۆن کیوبیك فیت گازی سرووشتیی.

هەروەهـا تورکیـا خاوەنـی کـۆگای گـەورەی ئەمبارکردنـی نەوتـی خـاو و بەنـدەری بەبازاڕکرنـی نـەوت و گازە. گرنگتریـن ئـەو ڕێڕەوانەیـش کـە نـەوت و گازی پیـادا تێپـەڕ ئەبێـت و بـە تورکیـاوە گرێـدراوە، بریتییـە لـە: گەرووی (بسـفۆر و ڕێـڕەوی دەریـای قەزویـن و بەندەرەکانـی سـەر دەریـای رەشـە و ناوەڕاسـت، بەتایبەتـی بەنـدەری جیهـان).٢٣

تورکیـا خاوەنـی وزە نیـە، چاڵـی گـەورەی نەوتـی تێدانیـە، لەگـەڵ ئەوەشـدا چەندەهـا پاڵاوگـەی سـەرەکیی نەوتـی تێدایـە، شـوێنە سـتراتیژیەکەی لـە جوگرافیـای ناوچەکـەدا بـۆ گواسـتنەوەی وزە لـە ئاسـیای ناوەڕاسـت ( ئازربایجـان

٢٢- د.لقـمان عمـر محمـود النعيمـي، دور تورکيـا في امـن الطاقـة الاوروبي، مرکـز الدراسـات الا قليميـة، جامعـة الموصـل، تاريـخ قبـول النـشرة، ٢٠١٨/٢/٢٥، ص ٤١.

٢٣- شاڵاو عبدللخالق محمد، سەرچاوەی پێشوو، مێژووی سەردانیکردن ٢٠١٩/١١/٩،

و کازاخستان ) و رووسیاوە بەرەو ئەورووپا زۆر گرنگە، ئەو هێڵانەی لە دەریای قەزوینەوە کە نەوت و گازی ئەو وڵاتانە بەرەو کەناری دەریای ناوەڕاست و پاشان بەرەو ئەورووپا دەگوازێتەوە زۆربەی بە نێو خاکی تورکیاوە تێپەڕ ئەبێت.

## ئەو هێڵە ستراتیژیانەی نەوت ئەگوازنەوە بریتین لە :

١. هێڵی باکو- تفلیس – سوپسوا، کە لە ساڵی ١٩٩٩ لەلایەن ئەمریکاوە بۆ بەربەرەکانی هێڵەکانی وزەی ڕوسیا درووستکرا.

٢. هێڵی باکو- تفلیس – جیهان، ئەم هێڵە لە ساڵی ٢٠٠٥ وە کەوتووەتە کار و نەوت بەرەو کەناری دەریای سپی لە تورکیا دەگوێزێتەوە و بە دەریای ڕەشدا تێناپەڕێت.٢٤

ئەو هێڵانەی لە دەریای قەزوینەوە گاز دەگوێزنەوە بەرەو ئەورووپا، هەر بە نێو تورکیادا و بەتەنگەی بۆسپۆڕوسدا تێپەڕ دەبن، هێڵێکی نوێ کە پێی دەڵێن هێڵی نابوکۆ ( کە هێشتا تەواو نەبووە ) بڕیار وایە بە تەنگەی دەردەنێلەوە بەرەو دەریاچەی ئیجە و پاشان بەرەو ئەورووپا بڕوات، سەرەتای بیرۆکەی پرۆژەی نابوکۆ ئەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ٢٠٠٢ لە نێوان چەند کۆمپانیایەکی گەورەی وزەی چەند وڵاتێک لەوانە نەمسا و تورکیا و هەنگاریا و رومانیا و بولگاریا دەستپێکرا، مەبەست لەم پرۆژەیە گەیاندنی یەدەگی گازی سرووشتیی لە سەنتەری ئاسیاوە ( بەتایبەت گازی تورکمنستان کە چوارەمین یەدەگی گازی سرووشتییە لە جیهاندا) بەنێو دەریاچەی قەزوین و بەرەو ئەورووپا، ئامانجی ئەم پرۆژەیە زیاتر پشتکردن بوو لە رووسیا و پشت نەبەستن و پشتگوێخستنی گازی ڕوسیا و تێپەڕنەبوونی هێڵەکانیش بە نێو خاکی رووسیادا، تەواونەکردنی ئەم پرۆژەیە بۆ هۆکاری زۆر ئەگەڕێتەوە لەوانە گرژی نێوان ئێران و ئەمریکا بەهۆی پیتاندنی یوڕانیۆم و بڕواپێنەکراوی ئێران لەسەر وەستاندنی ئەو پرۆژەی ئەتۆمە، چونکە بوونی ئەو گرژیە گواستنەوەی گازی ئێران بە هێڵی نابوکۆدا قەدەغە ئەکات، هەر کاتێک ئەمریکا لەم گومانانە سارد بێتەوە و دەرفەتی تێپەڕبونی گاز و نەوتی ئێرانیی هەبێت، ئەم هێڵە ستراتیژیە تەواو ئەکرێ.

لێرەدا سیاسەتی تورکیا ئاڵۆزی بەخۆیەوە ئەبینێت، لەلایەکەوە ئێران لە سەدا سی ٣٠٪ ی پێداویستی گازی تورکیای پڕکردووەتەوە و بەشێکی تری بە دابینکردنی گازی رووسیا ئەکرێت، بۆیە تا ئێستا تورکیا دەستی لەژێر باری ئێران و رووسیا و سەنتەری ئاسیایە بۆ بەڕێوەبردنی پێداویستیەکانی وزە، بوونی یەدەگێکی بەرفراوانی نەوت و گازی سرووشتیی لە ناوچەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست (هەرێمی کوردستان) و ئاسیای ناوەڕاست و قەوقاز و گواستنەوەی ئەم سەرچاوانە بەشێوەیەکی سەقامگیر، رەنگە لە داهاتودا رێگە خۆشکەر بێت هەم تورکیا هەم یەکێتیی ئەورووپا ئەگەر بەتەواوەتیش نەبێت تا رادەیەك وابەستەیی ئەو وڵاتانە بە رووسیا کەم بکاتەوە .٢٥

گەیشتنی تورکیا بە سەرچاوەکانی وزە بە هۆی گرنگیی هەڵکەوتە جواگرافیاکەیەوە، بۆتە کلیلی سیاسەتی وزە بۆیە لەو مەیدانەدا تورکیا توانایەکی کاریگەری هەیە بۆ سوود وەرگرتن لە گرنگی جوگرافیایی وڵاتەکەی کە گواستنەوەی نەوت تێپەڕبوونی بۆڕیەکانی گاز بە خاکی تورکیادا بایەخی جیۆسیاسی تورکیایی بەرز

٢٤- د.لقمان عمر محمود النعيمي، مصدر سابق، ص ٤٤.

٢٥- مەدیحە سۆفی، وزە و ئاو دوو فاکتەری گرنگی دەسەڵات لە جیهاندا و کوردستان دەکەوێتە کوێی ئەم فاکتەرانەوە ( بەشی یەکەم وزە)، ریکخراوی سەوزی ئەوروپی- کوردستانی، ئەڵمانیا، مێژویی سەردانیکردن ٢٠١٩/١١/٩، http://www.green-kurd.com.

کردۆتـەوە، کـە تێپەڕبوونـی ئـەو بۆرییانـە وای کـردوە رۆژهـەڵات و رۆژئـاوا پێکـەوە ببەسـتێتەوە. لـەم سـۆنگەوە وڵاتانـی خـاوەن پیشەسـازییە گەورەکانـی نێـو یەکێتیـی ئەورووپـا و بەتایبـەت وڵاتانـی وەکـو ئەڵمانیـا و فەرەنسـا بتوانـن سـوود لـەو هەڵکەوتـە جوگرافیاییـە تورکیـا ببینـن بـە ئامانجـی دەربـاز بـوون لـە ژێـر هەژموونـی وزەی رووسـیا. لەهەمـان کاتـدا تورکیـا بـە بایەخـەوە هـەوڵ ئـەدات هاوسـەنگی لـە نێـوان ئـەو دووجەمسـەرە درووسـت بـکات. بۆیـە، بـە روونیـی هەوڵـی تونـد هەیـە بۆیەکخسـتنی رێـڕەوەی باکـوور و باشـوور پێشخسـتن و پەرەپێدانـی رێـڕەوەی وزەی نێـوان رۆژهـەڵات و رۆژئـاوا کـە بایەخێکـی سـتراتیژیی و سـەرەکیی هەیـە لـەلای تورکیـا، هـەر لەسـەرەتای بیرۆکـەی بۆریـی نـەوت و گازی نێـوان ئاسـیای ناوەڕاسـت و رۆژئـاوا تورکیـا یاریزانێکـی کاریگـەر بـوو بـۆ ئـەو ئامانجـەی ببێـت بـە سـەنتەری وزە و سـوود بـە هـەردوو لا بگەیەنێـت هـەر لـەم میانـەدا چەندیـن هێڵـی بۆریـی وزەی گرنـگ دامـەزرا بـۆ نموونـە نەوتـی خـام، (باکـو - تبلیسـی - ئـەرزروم) ی سرووشـتیی و بەسـتنەوەی تورکیـا و یۆنـان پێکـەوە، سـەرەڕای ئـەوەی بەردەومـی دەدات بـە دانوسـتانی بـە ئەنـدام بـوون لـە یەکێتیـی ئەورووپـا کـە بابەتەکـەی ئاڵۆزتـر ئەکـرد.٢٦

## دەرئەنجام

پاڵپشـت بـە هەڵکەوتـە جوگرافیاکەیـەوە و نزیکـی لـە وڵاتـە بەرهەمهێنەرەکانـی نـەوت و گازی سرووشـتیی تورکیـا، یەکێکـە لـەو وڵاتانـە کـە یەکێتیـی ئەورووپـا ناتوانێـت بـە ئاسـانی دەسـتبەرداری بێـت. هەروەکـو دەزانرێـت، تورکیا یەکێکـە لـەو وڵاتانـە کـە ماوەیەکـی دوور و درێـژە سـەرقاڵی دانوسـتانە بـۆ بـوون بـە ئەنـدام لـە یەکێتیـی ئەورووپا.

هەروەهـا تورکیـا لـە دوای قۆناغـی جەنگـی دووەمـی جیهانـی لـە پەیوەندییەکـی بـەردەوام و سـەقامگیر بـووە لەگـەڵ وڵاتانـی ئەورووپـا، شـایەنی باسـە تورکیـا لـە رووی جوگرافییـەوە کەوتۆتـە سـەر رێـڕەوەی گواسـتنەوەی نـەوت و گازی سرووشـتیی لـە نێـوان وڵاتانـی بەرهەمهێنـەر و بەکاربـەر، بۆیـە بـە ئەنـدام بوونـی تورکیـا لـە یەکێتیـی ئەورووپـا خـودی یەکێتییەکـە دەکاتـە دراوسـێی دوو ناوچـەی گـەورە بەرهەمهێنـەری نـەوت کـە ئەوانیـش ناوچەکانـی رۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت و قەوقـازە، ئەمـەش خـۆی لـە خۆیـدا باڵادەسـتێکی سـتراتیژی بەرفـراوان ئەبەخشـێتە یەکێتیـی ئەورووپـا.

هەربۆیـە ئەشـێ بگوترێـت لـە داهاتـودا پرسـی ئاسایشـی وزە رۆڵێکـی یەکلاکـەرەوە بگێڕێـت لـە پرۆسـەی دانوسـتانەکانی تایبـەت بـە پرسـی بـە ئەنـدام بوونـی تورکیـا لـە یەکێتیـی ئەورووپـا.

یەکێتیـی ئەورووپا زادەی بنیادێکـی فکرییـە کـە لـە کۆنـدا و پێـش دامەزراندنـی یەکتییەکـی لـەم شـێوە لـە بیـر و ئەندێشـەی ئەورووپاییەکانـدا بوونـی هەبـووە تـا گەشـتوەتە ئـەو قۆناغـەی دەوڵەتـان ئیرادەیـان لـە پێناویـدا یەکخسـتووە و دامـەزراوە.

کۆمـاری تورکیـا هـەر سـێ کیشـوەری (ئەفریقیـا، ئاسـیا، ئەورووپـا) بەیەکـتر ئەبەسـتێتەوە کـە ئەمـە بەشـێکی گرنگـە لـە دەرخسـتنی رۆڵ و پێگـەی جوگرافیایـی تورکیـا لـە ناوچەکـەدا، هەروەهـا گـەرووی بسـفۆر هـەردوو دەریایـی مەرمـەڕە و دەریـای رەش بەیـەك ئەبسـتێتەوە، ئەمـەش بـە مانـای ئـەوە یەت کـە تورکیـا وەك دەوڵەتێکی سـەربەخۆ و خـاوەن پێگـە دەربکەوێـت کـە رۆڵـی پردێکـی سرووشـتیی بگێڕێـت لـە نێـوان ئەورووپـا و ئاسـیادا. سیاسـەتی وزە بەشـێکە لـە ئامانجـە باڵاکانـی تورکیـا بـۆ دابینکردنـی جوگرافیایەکـی زیاتـر لـە پێنـاو دابینکردنـی

٢٦- د.لقمان عمر محمود النعيمي، مصدر سابق، ص٣١.

وزە، بەشێکە لە سیاسەتی فراوانخوازیی و دووبارە بنیادنانەوەی دەوڵەتی عوسمانیی.
وزە هەر لە سەرەتاوە بەشێك بووە لە دارشتنەکانی سیاسەتی دەرەوەی یەکێتیی ئەورووپا و لەپێناوی بەهێز کردنی ئاسایشی وزەی ئەورووپا، یەکێتییەکە دوو ستراتیجی سەرەکیی گرتۆتەبەر کە ئەوانیش یەکەم جۆراوجۆرکردنی سەرچاوەکانی دابین کردنی کردنی وزەیە، بۆ ئەوەی تەنها پشت بە یەک سەرچاوەو و یەک وڵات نەبەستن. دووەم ستراتیجی درووست کردنی یەکێتییەکی وزە کە وڵاتانی ئەندام پێکەوە خەمی دابین کردنی وزە بۆ بازاڕەکانی ٢٨ ئەندامی یەکێتییەکە بخۆن.
تورکیا گرنگیەکی ئەوتۆی هەیە لە دابینکردنی ئاسایشی وزەی یەکێتیی ئەورووپا و ئەم بایەخەش خۆی لە دوو شێواز دەنوێنێت شێوازێکیان خاکێکە بۆ گواستنەوەی چەندین هێڵ و بۆریی نەوتی بۆ یەکێتیی ئەورووپا و، هەروەها دراوسێتیی و چەندین دەوڵەتی دەوڵەمەندە بە نەوت و سەرچاوەی سرووشتیی، کە ئەبێتە بەشێك لە درووستکردنی سنووری راستەوخۆی ئەورووپا بەو دەوڵەتانەوە.


## Summary

Demonstrating Turkey's importance to the EU, how Turkey and the EU deal with energy among themselves is the main research question. Based on a descriptive and analytical approach, an attempt has been made to understand the content of Turkey's role and influence in ensuring EU energy security, which is a kind of complementarity in the EU and Turkey's energy policy. Turkey is of great importance to the EU in providing energy security as an economic resource and later as a security resource. This importance is reflected in the transportation of several oil pipelines to the European Union, the neighborhood of several countries rich in oil and natural resources.


**Key Words: European Union, Turkey, Energy and Energy security.**


## ملخص

إن توضيح أهمية تركيا بالنسبة للاتحاد الأوروبي، وكيفية تعامل تركيا والاتحاد الأوروبي مع الطاقة فيما بينهما، هو السؤال البحثي الرئيسي. واستناداً إلى المنهج الوصفي والتحليلي، جرت محاولة لفهم محتوى دوور تركيا وتأثيرها في ضمان أمن الطاقة في الاتحاد الأوروبي، وهو نوع من التكامل في سياسة الطاقة بين الاتحاد الأوروبي وتركيا. وتحظى تركيا بأهمية كبيرة بالنسبة للاتحاد الأوروبي في توفير أمن الطاقة كمورد اقتصادي ثم كمورد أمني فيما بعد. وتتجلى هذه الأهمية في نقل العديد من خطوط أنابيب النفط إلى الاتحاد الأوروبي، وهو جوار عدة دول غنية بالنفط والموارد الطبيعية.


**الكلمات الدالة: أتحاد الأوروبي، تركيا، الطاقة، امن الطاقة.**

# لیستی سەرچاوەکان

## ١- سەرچاوە کوردییەکان

کتێب

١- هێمن میرانی، تورکیا و یەکێتیی ئەورووپا، چاپخانەی مناره، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٩،

٢- د.شـمال حسـین، پەیوەندییـە نێودەوڵەتییەکان(چەمـك و بنەمـاکان. مێـژوو و قۆناغـەکان. تێـز وتیـۆرەکان)، نوسـینگەی تەفسـیر بۆچـاپ و بڵاوکردنـەوە، هەولێـر،٢٠١٧،

٣- زانا هەڵۆ کوردە، یەکێتیی ئەورووپا، هەولێر، چاپی دووەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، ٢٠١٤،

٤- پەیرەو ئەنوەر، تورکیا هێزێکی ماندوو، چاپی یەکەم، ٢٠١٨،چاپخانەی ڕۆکسانا،

٥- چەنـد خوێندنەوەیـەك بـۆ قوڵایـی سـتراتیژی و ئەحمـەد داود ئۆغلـۆ، کۆمەڵـە نوسـەرێك، وەرگێڕانـی عبدلسـتار ئەحمـەد باغەمرەیـی، چاپخانـەی ڕۆژهـەڵات، هەولێـر، ٢٠١١،

گۆڤارەکان

١- ئاتیـلا سـاندکلی، پێگـەی سـتراتیژی و جیۆپۆلەتیکـی تورکیـا، سـەنتەری توێژینـەوەی و سـتراتیژی پیاوانـی ژیـر، ڕاپۆرتـی ژمـارە ٢٧، سـاڵی ٢٠١١.

٢- ئاتیـلا سـاندکلی، جیۆپۆلەتیکـی تورکیـا، سـەنتەری توێژینـەوەی و سـتراتیژی پیاوانـی ژیـر، ڕاپۆرتـی ژمـارە ١٣، سـاڵی ٢٠١٤،

٣- یاپـراك گورسـۆی، چوارچێـوەی مێـژووی یەکێتیـی ئەورووپـا، گۆڤـاری زانسـتی زانکـۆی ئیسـتەنبوڵ، ٢٠١٣، ژمـارە ٣.

پێگە ئەلیکترۆنیەکان

١- سیاسـەتی ئـاوی تورکیـا، گەشـەپێدانی ناوچەکـە یـان هەڕەشـە بـۆ سـەر دراوسـێکانی؟، ڕاپۆرتـی؛ تەحسـین تەهـا چۆمانـی، کوردسـتانی نـوێ، ڕێکەوتی دانـان ٢٠١٨/٩/٢، ڕێکەوتـی سـەردانیکردن ٢٠١٩/١١/١.https://knwe.org

٢- شـاڵاو عبدلخالـق محمـد، یەکێتیـی ئەورووپـا و تـۆڕی جاڵجاڵۆکـەی وزەی تورکیـا، سـایتی پێنـوس، مێـژووی سـەردانیکردن ٢٠١٩/١١/٩، http://penus.krd/index

٣- مەدیحـە سـۆفی، وزە و ئـاو دوو فاکتـەری گرنگـی دەسـەڵات لـە جیهانـدا و کوردسـتان دەکەوێتـە کوێـی ئـەم فاکتەرانـەوە ( بەشـی یەکـەم وزە)، ڕیکخـراوی سـەوزی ئەورووپایـی- کوردسـتانی، ئەڵمانیـا، مێژویی سـەرداانیکردن ٢٠١٩/١١/٩، http://www.green-kurd.com.

٤- دەرون ڕەحیـم، سیاسـەتی وزەی یەکێتیـی ئەورووپـا و یەکگرتـن یاخـود دابەشـبوون، ناوەدنـی کوردسـتان بـۆ توێژینـەوە لـە ململانـێ و قەیرانـەکان، ٢٠١٧/٥/١٠ نـوسراوە، بـەرواری سـەردانیکردن، ٢٠١٩/١١/٩، http://www./kurdistanc.com

## ٢- سەرچاوە عەرەبیەکان

کتێب

١-د.لقـمان عمـر محمـود النعيمـي، دوور تورکيـا في امـن الطاقـة الاوروبي، مرکـز الدراسـات الا قليميـة، جامعـة الموصـل، تاريـخ قبـول النـشرة، ٢٠١٨/٢/٢٥،

٢- جواس حسن، طبيعة التحاد الاوروبي، دارالمعرفة، لبنان، بيروت، ٢٠١٠.

پێگەی ئەلیکترۆنی

محمد الشعلان، صراع الطاقه الجيوسياسى، تاريخ الزيارة ٢٠١٩/١١/١.، https://:٢٢arabi.com/.

## سەرچاوە تورکییەکان

Erdaş Taner Karagöz ve diğerleri, Türkiyenin Enerjide .1 merkez ülke olma arayışları, SETA yayınları, birinci baskı, 2016.

Murat Ercan, Avrupa birliğiğinin enerji politikasında .2 Türkiyenin önemi, akademik bakış dergisi, sayı: 25, Temmuz 2011.